ڕووداو
ئەدەب و کولتوور

# ناوەندی کوردستان 11 کتێب بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی 11 کتێب بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی بڵاودەکاتەوە کە سەرجەمیان توێژینەوەی زانکۆیی و ساغکردنەوەی ئەرشیفین و پەیوەستن بە مێژووی سیاسی و ئاینی و ڕۆژنامەوانیی گەلی کوردەوە.

بەپێی هەواڵێکی پەیجی ناوەندەکە لە فەیسبووک "ئەم کتێبانە بەپاڵپشتی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی ئامادە کراون، چاپکردنیان لەقۆناغی کۆتاییدایە و سەرجەمیشیان هەوڵێکن بۆ پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی کوردانە لەبارەی کولتوور و مێژوو و بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە کورد و کوردستانەوە".

ئەم زنجیرە کتێبە پێکدێن لە: (بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکووک (1922- 1975) نووسینی دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان. (هەولێر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا) نووسینی ئاشتی ڕەحمان بەکر. (یادەوەری و دادپەروەری (16/3 لە کۆیادەوەریی هەڵەبجەییەکاندا)) نووسینی هەورامان فەریق کەریم. (خانەقین لە بەڵگەنامەکانی ئێراندا) ئامادەکردنی کاروان عوسمان خەیات و وەرگێڕانی جووتیار نەریمان. (ڕۆژنامەی باسەرە) لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی هۆگر ستار قەمەری و بەختیار شەریف قوربانی. (ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سەیادەت لە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستاندا) نووسینی سەید عەبدولڕەحمان سەیادەت. (بیبلۆگرافیای نامەکانی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی عەدنان عەبدولقادر هەورامی. (کشتوکاڵ و خۆراک لە هەرێمی چیا لە سەدەی (چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینیدا))، نووسینی سۆران بەها ئەحمەد. (اعلام علماء الكورد و مصنفاتهم في السنة خلال القرون السادس و السابع و الثامن للهجرة) نووسینی ساڵح ئەمیر عەزیز. (الاديان والمذاهب والعقائد في كردستان خلال العصر الوسيط الاسلامي) نووسینی یاسین تەها محەممەد. هەروەها (سياست ايران در قبال كردها) نووسینی هەردی مەهدی میکە.



# پەیکەرێکیشی بۆ دروست دەکرێت
# تاقە دیوانەکەی ژەنەراڵی پایز چاپ دەکرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

تاقە دیوانەکەی شاعیری کۆچکردوو محەممەد عومەر عوسمان (ژەنەراڵی پایز) بەناوی "لە غوربەتا" بۆ جاری چوارەم و بە تیراژی 1000 دانە چاپ و بڵاوکرایەوە.




دیوانی "لە غورباتا"ی (ژەنەراڵی پایز) لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفانەوە چاپی چوارەمی کراوەتەوە و ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە چلەی ئەو شاعیرەدا بە خۆڕایی بەسەر ئامادەبووانی چلەکەیدا دابەشکرا.

تانیا فازڵ، سەرپەرشتیاری کۆڕ و چالاکییە هونەرییەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای کۆچی دوایی محەممەد عومەر عوسمان، لەسەر ئەرکی بەڕێز د.تەها ڕەسوڵ ئەم کتێبە چاپکرایەوە، ئەویش لەبەر دووبارە وەفا و زیندووبوونەوەی ڕۆحی پایزیی ئەم شاعیرە، جگە لەوەش زۆر لە شیعردۆستان و هاوڕێیانی ئەم دیوانەیان نەبوو".

تانیا فازڵ هەروەها گوتی: "بێگومان نەک بۆ چاپی کتێبەکە، بڕیار وابوو تەواوی چلەکە بخەینە ئەستۆی خۆمان، بەڵام خانەوادەکەی بە ئەرکیان زانی و کارەکەیان کردە هەماهەنگی". تانیا فازڵ ئاشکراشی کرد کە بڕیارە هەر دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان و د.تەها ڕەسوڵ لەگەڵ پەیکەرساز چێنەر نزار بەم زووانە پەیکەرێک بۆ ژەنەراڵی پایز دروست بکەن.

محەممەد عومەر عوسمان لە ساڵی 1957 لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایکبووە. خاوەنی تاقە دیوانێکی شیعر بوو بەناوی "لە غوربەتا". ئێوارەی ڕۆژی 22/10/2019 لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لە شاری سلێمانی خۆی خنکاند.

# لە ئامەد کێبڕکێیەکی شیعر بەڕێوەدەچێ

■ ئا: بەسام مستەفا




لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان حەوتەمین کێبڕێی ئارژەن ئاری بۆ شیعر بەڕێوەدەچێ، ئامادەکارانی کێبڕکێیەکەش دەڵێن ئەوانەی دەخوازن بەشداری بکەن، دەتوانن تاوەکو یەکی ئاداری 2020 بەرهەمەکانیان بۆ لیژنەی سەرپەرشتیاری کێبڕکێیەکە بنێرن.

ئەم کێبڕکێیە ماوەی حەوت ساڵە بۆ بیرخستنەوەی هەڵبەستڤانی کورد ئارژەن ئاری ساز دەکرێ. ڕەشۆ ڕووناهی بەرپرسی وەشانخانەی سۆر کە سەرپەرشتی کێبڕکێیەکە دەکات، لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: "ئەو کێبڕکێیە بۆ خاوەندارێتیکردنە لە زمان و ئەدەبی کوردی کە ئارژەن ئاری هەموو ژیانی خۆی لە پێناودا تەرخان کردبوو".

لێژنەی دادوەرانی کێبڕکێیەکەی ئەمساڵ پێکدێن لە (بەرکەن بەرە، نەجلە ئاری، بێریڤان زینزال، فەوزی بیلگە و یەقین. ە).

کێبڕکێیەکە لەلایەن بنەماڵەی ئارژەن ئاری و وەشانخانەی سۆر، سەرپەرشتی دەکرێ. ئەنجامی کێبڕکێیەکەش لە ڕۆژی 15ی گوڵانی 2020 کە ڕۆژی زمانی کوردییە، ئاشکرا دەکرێ. خەڵاتەکەش لە ڕۆژی کردنەوەی پێشانگای کتێب لە ئامەد دەدرێتە براوەی کێبڕکێیەکە.

نووسەر و هەڵبەستڤانی کورد ئارژەن ئاری لە ساڵی 1956 لە گوندی چالێی سەر بە شاری نوسێبین لە باکووری کوردستان لەدایکبووە، خاوەنی چەند بەرهەمێکە، لەوانە: ڕاموسانم لە دۆڵێک شاردەوە، داستانی کاوە، شێرگەل، ئەم چیایانە ڕووسپین، شیعر و سنوور. ئارژەن ئاری ساڵی 2012 بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە ئامەد کۆچی دوایی کرد.

# شیعرەکانی ویلیام بلەیك دەکرێنە کوردی




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

عەبدولخالق یەعقوبی، لیکۆڵەر و وەرگێڕی کورد، سێ تێکستی شیعریی ویلیام بلەیک (1775 - 1827) شاعیری بەریتانی بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕێت.

عەبدولخالق یەعقوبی، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەم نزیکانە لە لایەن دەزگای سەردەمەوە نوێترین کتێبی وەرگێڕدراوی بڵاودەکرێتەوە کە سێ پارچە شیعری ویلیام بلەیک، شاعیری ناسراوی بەریتانییە بە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و کوردی.

وەرگێڕ پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە و تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "شیعری بلەیک نوێنەری مەزنایەتیی جیهانیبوون و بێنرخیی ئەو لایەنانەیە کە دژ بە جوانییەکانی جیهان و مرۆڤ دەوەستن. لە ڕوانگەی ئەوەوە، جیهان لەسەر بنەمای سروشتێکی هونەری دامەزراوە. دیدی ئەو بۆ کائینات دیدێکی مرۆڤ-تەوەر و هیومانیستییە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی ئەم هیومانیزمە، بلەیک ڕەخنە لەو کەس و دامەزراوانە دەگرێت کە دژی سرووشتی هونەری و بێگەردی ئەم جیهانەن". هەروەها نووسیویەتی "بلەیک شاعیرێکە مرۆڤی وەکو بەشێک لە سرووشتی پاکی جیهان خۆشدەوێ. دیدی بلەیک بۆ مرۆڤایەتی دیدێکە لە چوارچێوەی ڕۆحانیەتێکی گشتیی ئینسانی نەک ئایدیۆلۆژییەکی ئاینگەرایانەی ئاسمانی".

عەبدولخالق یەعقوبی ساڵی 1974 لە بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، ساڵی 1996 لە زانکۆی تەورێز بکالۆریوسی لە زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە. تا ئێستا چەند کتێبێکی چاپکردوون لەوانە: (ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی) – وەرگێڕان، (دەنگی بلورینی دەق کە کۆمەڵێک وتار لەخۆدەگرێت و (مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی) - وەرگێڕان.



# نوێگەری و

**بەشی یەکەم**

ئایا کاتێک مرۆڤ بیر دەکاتەوە چی بەسەر خۆیدا دەهێنێت؟ ئەی بیرکردنەوە چ دەستکارییەکی واقیع دەکات؟ لەنێوان ئەم دوو رووداوەدا، واتە گاە خۆدەستکاریکردن و گاە گۆڕینی سیستەمی بەهاکان، دیاردەیەک دێتە ئاراوە کە بە تەواوی کایەکە نامۆیە، دیاردەیەک پێشتر نە ناوی هەبووە و نە ئاماژەدار بووە و نە ڕیشەیەکیشی هەبووە. شتێک کە تەواو تازەیە بە واقیعەکە و پێیدەگوترێ "نوێ". ماوەی پتر لە دووسەد و پەنجا ساڵە هیچ دیاردەیەک هێندەی دیاردەی "نوێ" نەچووەتە بەر باسە ئەدەبی و فەلسەفی و سیاسی و تەکنیکییەکانەوە. بەڕادەیەک هەموو ئەو دوو سەدەیە یان سێ سەدەیە بە چاخی نوێ ناوزەد کراوە. ئەم نوێیە چییە و چییەتییەکەی چ سروشتێکی هەیە. ئایا نوێ هەر رووداوێکی سادەیە و وەکو دیاردەیەکی سەربەخۆ و بێ هیچ پێشینەیەک خۆی دەسەپێنێ. ئایا نوێ دیاردەیەکی هۆمۆجینە یان هێترۆجینە، واتە ئایا پێکهاتەیەکی سادە و تاکەوانەی هەیە، یان فرەدار و پەلدارە؟

هەڵبەت نوێ هیچ نییە جگە لەو ڕووداوەی دێتەئاراوە و ناوەڕۆک و ئەدگارەکانی لە هی کۆنەکە ناچێت. نوێ، واتە ئەوەی کە تا ئێستا و ئێرە هاتووە و لای هەمووان بووەتە نەریتێکی باو، بەجێدەهێڵێت و شتێکی تر، نەریتێکی تر، بەهایەکی تری ناباو دێنێتە ئاراوە. نوێ، ئەوەش لە چییەتییەکەیدایە کە هەرگیز لە خۆتێپەڕاندنیش ناوەستێ و بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە، هەر بۆیە لەگەڵ نوێ و نوێگەریدا، پاشنوێ و پاشنوێگەریش هەیە.

رەوش و تێمپەرامێنتێک هەیە لەناو مرۆڤدا لە دێر زەمانەوە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەویش تێمپەرامێنتی ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی بەهادروستکەر و بەهاڕووخێنەرە. ئەم دووانە لێکدژە وەک مۆتۆڕی درێژەپێدانی ڕژێمی بەهاکان لەناو شارستانیدا هەمیشە ئەکتیڤ بوون.

لە ساتەوەختی دیکارتەوە "نوێ" وەک چەمک خۆی سەپاند و توانیشی بەگژ ڕژێمی باوی بیرکردنەوەی سەردەمەکەی خۆیدا بچێتەوە. دیکارت بە میتۆدی گومانکردن کۆجیتۆی بیرکردنەوەی ڕاگەیاند. بەمە هەرچی زانینی پێش خۆی بوو لەبەها خست. دواتر ئیمانۆئیل کانت سەردەمێکی تری بیرکردنەوەی عەقڵی پاکی ئەفراند، عەقڵێک کە خاڵی بێت لە هەموو خڵتە میتافیزیکییەکانی.

ئەوەشی فەلسەفەی هیگڵ وەکو مێژووگەرێتی فۆرمەلەی کرد، کە بەر لەو فەرامۆش کرابوو، مارکس ئاوەژووی کردەوە و سیستەمێکی نوێی ماتەریالیزمی چەسپاند. نیتچەش وەکو دینامیتێک هەموو بتەکانی عەقڵ و مۆراڵی تەقاندەوە و هەموو بەهاکانی سەرلەنوێ نرخاندەوە و سەردەمێکی نوێی وەکو کازیوەی پۆستمۆدێرنە راگەیاند. سیگمۆند فرۆیدیش هەمان شتی کرد، نەستی شاراوەی هێنایەوە سەر هەستی ئاشکرا. ئیتر بەم شێوەیە بیرکردنەوە بووە چالاکییەکی تەواو سەربەخۆ لەخۆیدا. بیرکردنەوە دەستکاریی جیهانبینیی مرۆڤی کرد، دەستکاریی سیستەمی بەهاکانی کرد، دەستکاریی باوەڕی ئاینییانەی مرۆڤی کرد، دەستکاریی کەلەپوور و فەرهەنگی نەریتی کرد، دەستکاریی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کرد. ئەو هیچ سیستەمێکی بەها نەماوە دەستکاری

# زمانی سینەما

**ئالا هۆشیار**



پێناسەی حەقیقی (تایبەتمەندیی سینەماتۆگرافی) دەبێ لە دوو ئاستدا بێت، ئاستی وتەی فیلمێک و ئاستی وتەی وێنە.

هەر فیلمێک هەوڵ بدات بگاتە ئاستی حەقیقی ئەو فیلمە، هەوڵی بە هونەربوونی خۆی دەدات. یان باشترە بڵێم: بەرەو ئاستی بوون بە فیلم دەڕوات.

بە کۆی گشتی زمانی فیلم (دەنگ و رەنگ و مۆسیقا و ئەکتینگ و..) دەبێت بە سینەما، بۆ نموونە تۆ بۆ دیمەنی نەشتەرگەرییەکی پزیشکی لە سینەمادا پێویستت بە دیالۆگی زۆر کەمە، بەڵام لێرە دەنگ و دیمەن لەو پازڵەدا زمانی سینەمایە.

لە دوای هەر سکانسێک کە ئێمە لە فیلمێکدا دەیبینین، یان لەناو هەر سکانسێک، کاتێک کە ''نما''یەک دەبینین، ناتوانین ئەو وێنەیە بە تەنیا کورت بکەینەوە بۆ وشەیەکی تەواو! بۆ نموونە لە دوای دیمەنی شەڕێکی قورس، ئەگەر پلانی دواتر رووبارێک بێت، ناتوانین بڵێین ئەمە تەنیا رووبارە، یان شاخ بە تەنیا شاخە، چونکە ئەو نمایە بە تەنیا خۆی هەڵگری دەیان رستەیە و رستەش لە بینینی زیهنی کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ! هەر دیمەنێک یان باشترە بڵێم هەر شتێک کە هەڵگری ئیحساس بێت، تەنانەت ئەگەریش کەم بێت، زمانە و ئەم زمانەش لە سینەمادا کاری زۆر لەسەر دەکرێ.

زمانی قسەکردن زمانێکە کە ئینسانەکان بۆ پێویستی خۆیان و بە شێوەی رێکوپێک دایانڕشتووە هەتا پەیوەندی خۆیانی پێ پتەو بکەن، بەڵام زمانی سینەما زمانێکی رێکخراو نییە، بۆیە دەتوانین بە زمانی سینەما بڵێین زمانی هونەر.

فیلمێک ئەگەر لە دەسپێکیدا هەڵگری کێشەیەک بێت و لەلای بینەر قابیلی چارەسەر نەبێت، سینەما چارەسەری دەکات، ئەگەر دەسپێکی فیلمێک لە گرێیەکەوە دەستپێبکات و لە یەکەم دیمەندا کە دێت، ئێمە ئەو دیمەنە ناتوانین بۆ کەسێک کە ئەو دیمەنەی نەبینیوە، بە وشەیەک بگێڕینەوە، بەڵکو ئەو وێنەیە کە لەنێو فرێمێکی سینەمایی روودەدات، وەک یەک رستە یان چەند رستەیەک دەبینین، چونکە هەموو زمانەکانی سینەما بە یەکجار دەکەونە کار لە نێو فرێمێک و هەوڵ دەدەن بە زمانی دەنگ و رەنگ و ئەکتینگ و مۆسیقا

# ئەدەب لە سەردەمی دیجیتاڵدا

**سەنگەر زراری**



ئەدەب و نووسینی دەقی ئەدەبی، وەکو هەر بابەتێکی دی، کایەیەکی سەربەخۆ نییە و پەیوەندی بە کۆمەڵێک لایەن و کەس و بابەتی دیکەوە هەیە، بۆ نموونە دەقی ئەدەبی بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، پێویستی بە تۆمارکردن هەیە، پێویستی بە کاغەز و قەڵەم و چاپخانە هەیە، لەلایەکی دیکەوە پێویستی بە خوێنەر و ڕەخنەگر هەیە بۆ ئەوەی کارلێک لە نێوان پێکهێنەرەکانی (نووسەر، دەق، خوێنەر) بکات. پێویستی بەوە هەیە داهێنەر/نووسەرەکەی بەردەوام خوێنەرێکی باش بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ دەقی باش بەرهەم بهێنێ و ڕێگای نوێش بۆ گەیاندنی بە خوێنەر بدۆزێتەوە، گومانیشی تێدا نییە کە دونیای ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵی، کاری لەسەر هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی داهێنانی دەق کردووە کە ئەوانیش بریتین لە (داهێنەر، دەق، وەرگر).

لە سایەی سەردەمی نوێ و تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵیدا، دەیان زاراوە و جۆر و ڕەگەزی ئەدەبیاتی نوێ پەیدابوونە. وەنەبێ ئەو ئەدەبەی پەیوەندی بە دونیای دیجیتاڵییەوە هەیە یەک جۆر بێت، بەڵکو ئەوانیش جیاوازن. نووسەر و توێژەری ئەمەریکی "کاسرین هایلز"، لە کتێبێکدا بەناونیشانی (ئەدەبی ئەلیکترۆنی: ئاسۆی نوێی ئەدەب)، جیاوازی لە نێوان ئەدەبی ژمارەیی و ئەدەبی ئەلیکترۆنیدا دەکات، ئەو پێیوایە کە ئەدەبی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر سەکۆ و شاشەی ژمارەیی لەدایک دەبێت، ئەو دەڵێت کە سەکۆ ئەلیکترۆنییەکان بەوە دەناسرێنەوە دەقە ئەدەبییەکان تێیدا کورتبڕ و چڕن، کارلێکردن لە نێوان پێکهاتەکانیدا هەیە و پابەند نییە بە گێڕانەوەی زنجیرەیی کات لە ڕووداوەکاندا. ئەو ئەوەش دەخاتەڕوو کە گەورەترین کێشەی ئەم جۆرە ئەدەبە بریتییە لەوەی پاراستن و بەئەرشیفکردنی زەحمەتە، چونکە بەخێرایی دێت و بەخێراییش لە ناو دونیای دیجیتاڵیدا ون دەبێت و دواتر ناتوانی بە ئاسانی بیدۆزیتەوە. ئەو پێیوایە ئەدەبی ژمارەیی جیاوازە لە ئەدەبی ئەلیکترۆنی، ئەدەبی ئەلیکترۆنی گەلێ جار ڕۆڵی باوڵ یان سندووقێک دەبینێ، بۆ نموونە تۆ دەتوانی ڕۆمانێکی ئێرنست هەمەنگوای لەناو فایلێکی ئەلیکترۆنی دابنێی، هەم بیپارێزی و هەم دەستاودەستی پێ بکەی، یان کۆپی بکەی و لە شوێنی دیکەی دابنێی، ئەمەش پاراستن و ئەرشیفکردنیەتی و ئەمە ئەدەبی ژمارەیی نییە کە ڕۆژانە و لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان دەنووسرێ و ون دەبێ و دواتر دۆزینەوەیان ئاسان نییە.

لێرەدا ئێمە ناچینە ناو وردەکارییەکانی ئەم پەیوەندی و جیاکردنەوە و پۆلێنکردنانە، بەڵکو بەگشتی پەیوەندیی نێوان دونیای دیجیتاڵی و کارلێکی لەگەڵ پێکهێنەرەکانی ئەدەب دەخەینەڕوو.

هەندێک پێیانوایە دونیای ئەلیکترۆنی سەبارەت بە ئەدەب تەنیا ڕۆڵی هەڵگرتن و پاراستن و ئەرشیفکردن دەبینێ، یان تەنیا ڕۆڵی دیوارێک دەبینێ کە تۆ بابەتەکانی خۆتی پێدا هەڵبواسی تا خەڵکانی دیکە بیانبینن، بەڵام ڕوون و ئاشکرا دیارە کە ئەمە تێڕوانینێکی کورتبینانەیە و دونیای دیجیتاڵ و ژمارە، کاریگەری و کارلێکەکەی زۆر لەمە زیاترە.

بۆ نموونە ئەو کەرەستە و هێمایانەی شیعر لە سەردەمێکدا بەکاریاندێنێ، لە سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێن، پێشتر شیعر لەلایەن شاعیرەکانەوە دەنووسرا و چەند ڕێگەیەک هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی، لەوانەش: بڵاوکردنەوەی لە شێوەی نووسراو و کتێب و گەیاندنی بە خوێنەر، یان لە ڕێگای خوێندنەوەی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان لەلایەن خودی نووسەرەکەیەوە، یان لەلایەن کەسانی دیکەوە، لە قۆناغێکی دیکەدا شیعر دەکرایە گۆرانی، گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرەکان، بە جۆرێک شیعریان دەگۆڕی بۆ گۆرانی کە خەڵک حەزیان لێیبێت و لە بیر و زەینیاندا بمێنێتەوە، واتا شیعر هەر ئەو دەرفەتانەی هەبوو بۆ بڵاوبوونەوە، بەڵام لە سەردەمی ئێستا و بە کاریگەریی تەکنۆلۆژیای نوێ، سیستەمی گوزارشتکردن و پێشکەشکردنی شیعر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە شیعر بە شێوەی وێنەی جوڵاو و بینراو و هێمای گوزارشتلێکراو پێشکەش دەکرێت، یان ڤیدیۆ کلیپی بۆ دەکرێت و لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ماڵپەڕ ڤیدیۆییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێشان دەدرێ و بڵاودەکرێتەوە، دەقە ئەدەبییەکانی دیکەی وەکو چیرۆک و ڕۆمانیش بە هەمان شێوە، بەشێوەی خوێندنەوە و دروستکردنی وێنەی گوزارشتی و ئەنیمەیشن، یان هەر جۆرە وێنەیەکی دیکە پێشکەش دەکرێت و خوێندنەوە و وێنەکە بەیەکەوە دادەنرێ. یاخود تەنیا خوێندنەوەی دەقەکە و گۆڕینی لە دەقێکی خوێنراوەوە بۆ دەقێکی بیستراو، ئەمە کاریگەریی تەکنەلۆژیایە و لەم حاڵەتەشدا خوێنەر ئەگەر کاتی زۆری بۆ خوێندنەوە نەبێ، دەتوانێ بەدەم وەرزشکردن، یان لەناو ئۆتۆمبێلەکەی و لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل یان هەر کاتێک، گوێ لە کتێب ڕادێرێ. بێگومان ڕەنگە هەمان تەرکیزی خوێندەوەی نەبێ، بەڵام لە نەبوو باشترە.

هەڵبەت ڕۆمان و چیرۆک، پێش ئەو دونیا ژمارەییەی سەردەمی تەکنەلۆژیاش چوونەتە ناو دنیای نوێی تەکنۆلۆژیا سەرەتاییەکان، ئەویش لەڕێی چوونە ناو سینەما و شاشەکانەوە، بەڵام دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و بوارەکانی دیکەی هونەر (سینەما، درامای تەلەفزیۆنی، شانۆ، تەنانەت شێوەکاری و پەیکەرتاشییش) گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و ژانرە ئەدەبییەکان تێکەڵی ئەم هونەرانە بوونە.

گوتاری ئەدەبی، بەوپێیەی خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە پیشەسازیی داهێنان و بەرهەمهێنانە، وەکو گوتمان تەنیا لە کەسایەتی نووسەر (ئەدیب)دا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو دارای ئەوەیە لە کۆمەڵێک لایەنەوە کارلێکی لەگەڵدا بکرێ، ئەوانەی لە سەردەمی ئێستاشدا دەتوانن کارلێک لەگەڵ ئەدەبدا بکەن، هەر خوێنەر و ڕەخنەگران نین، بەڵکو کەسانی تەکنیککاریشن کە دەتوانن ئەدەب لە زمانێکی شیعری و سۆز و گوزارشتکەرەوە بگۆڕن بۆ هێمای ژمارەیی و وێنە و ئامرازەکانی دیکەی گوزارشتی دیجیتاڵی.

لە کۆنەوە تا ئێستا، ئامراز و ئامێرەکان، یان داهێنراوەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، لەوانەش: ئامێرە سەرەتاییەکانی مۆسیقا و ئامێری چاپ و تا دەگاتە کۆمپیوتەر و ئامرازە پێشکەوتووەکانی دیکەی ئەم سەردەمە، ڕۆڵی زۆریان هەبووە لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی داهێنانە ئەدەبییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر.

ئەو پرسیارەی کە تەکنۆلۆژیا چی لە ئەدەبیات سەندووە و چیشی پێ بەخشیوە؟ تا ئێستا وەکو مشتومڕێک بەردەوامە و پێناچێت وەها زوو ببڕێتەوە، بەڵام ئەوە زانراوە کە لە سەردەمی ئێستادا پەیوەندیی نێوان ئەدەب و تەکنۆلۆژیا تەنیا پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ و وەرگرتن و بەخشین و سوودوەرگرتن و زیان بەیەک گەیاندن نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ناچارەکییە، واتا ئەدەب لە بەرامبەر هەیمەنەی تەکنۆلۆژیا دوو ڕێگای لە پێشە، یان دەبێ بچێتە ژێر بار و کاریگەرییەکەیەوە و بەو ئامرازانە بڵاوبێتەوە، یان دەبێ لەناوخۆیدا قەتیس بێت و گیر بخوات و تەنیا بگاتە کەسانێکی دیاریکراو. تەکنۆلۆژیاش ناتوانێ بوونێکی جوان و بەرچاوی هەبێ، بێ ئەوەی دەقە ئەدەبییەکان بگرێتەخۆ و خوێنەر و هۆگرانی ئەدەب بەهۆی ئەدەبەوە زیاتر ئەم دونیا گریمانەییە بەکاربێنن.

هەر لە چوارچێوەی ئەم کارلێکەی نێوانیان، تەکنۆلۆژیا لەوەدا سوودی زۆری بە ئەدەب گەیاندووە کە بە خێرایی و بەربڵاوی دەگاتە هەموو سووچێکی جیهان. ئەگەر ئێمە پێشتر تەنیا لە سنوورێکی دیاریکراو و تەنیا ئەو میراتە ئەدەبییەمان دیتبێ کە لە زمانە نزیک و بەربڵاوەکانی جیهاندا هەبوون، ئەوا ئەمڕۆ تۆ دەتوانی بە نەناسراوترین نووسراوی ئەدەبیی وڵاتانی دوورەدەست ڕابگەی. هەڵبەت ئەمە بێ کاردانەوەش نییە، چونکە زۆر کەس پێیانوایە ناکرێ میراتی گەورەی عەقڵی ئینسانی، هێندە خۆشدەست بێت بە سانایی و بێ ماندووبوون دەستکەوێ و هەر کەسێک بیەوێ بگاتە دەستی، بەڵکو خوێنەر بۆ ئەوەی چێژی لێ وەرگرێ و سوودی لێ ببینێ، پێویستە بە بەدەستخستنییەوە ماندوو بێت.

یەکێک لە زیانەکانی ئاسان بڵاوکردنەوە لە ڕێگای دونیای دیجیتاڵی ئەوەیە کە نووسەری سەرەتایی لە ڕێگای تەکنۆلۆژیاوە، دەتوانێ بەرهەمەکانی بڵاوبکاتەوە، ئەمە لەلایەک بەرهەمی کرچوکاڵ و بێمانا زۆر دەکات. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە سوودبەخشە کە وا دەکات بەهرەی زۆر و توانای مرۆیی باش بدۆزرێنەوە، ڕەنگە ئەگەر تەکنۆلۆژیا نەبێ، ئەو دەرفەتەیان نەبێ بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە.

تەکنۆلۆژیا، ڕێگای ئەوەشی بۆ خوێنەران خۆش کردووە کە لەگەڵ نووسەرەکان لە پەیوەندیدا بن و کار و کاردانەوە لە نێوانیان دروست بێت، هەروەها نووسەرانیش لەوە تێبگەن کە کاردانەوە و ئاستی دەنگدانەوەی بەرهەمەکانیان لەناو خوێنەراندا تا چ ڕاددەیەکە، ئایا ئەوەی ئەوان دەینووسن بەڕاستی دەقی داهێنەرانە و دڵخوازی خوێنەرانە، یان جۆرێکە لە خۆڕازیکردن.

بەگشتی، ئەو ئەدەبەی پەیوەندیی بە سەردەمی دیجیتاڵییەوە هەیە، ئەو ئەدەبەیە کە تێکەڵەیەکە لە کەرەستەی زمانەوانی و هەست و سۆزی شیعری، لەگەڵ دونیای ئەلیکترۆنی و ماڵپەڕە جیاوازەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو وێنە جووڵاو و نەجووڵاوانەی لە شاشە جیاوازەکانەوە بەیەکەوە پەیوەست دەکرێن و بەرهەمێکی هونەرییان لێ دروست دەکرێت.

ئەگەر پێشتر شاعیر، یان ڕۆماننووس و چیرۆکنووس بەدیار لاپەڕە سپییەکانەوە دانیشتبێ و بە قەڵەم خەریکی نووسینی دەقەکانی بووبێ، ئەوا لە سەردەمی ئێستادا زۆربەی هەرە زۆری نووسەران، کیبۆرد لە جیاتی قەڵەم و شاشەی کۆمپیوتەر لەجیاتی کاغەز بەکاردەهێنن، ئەمەش لەڕووی پڕۆسەی نووسینەوە چەندین سوود بە نووسەر دەگەیەنێت. بۆ نموونە: پێویست بەوە ناکات نووسەر سەرەتا ڕەشنووسێکی دەقەکەی بنووسێت و چەند جارێک پاکنووسی بکات و هەموو جارێکیش بینووسێتەوە، بەڵکو یەکجار

# ئەرکەکانی

**بەکر عەلی**



نـەکات، بەهایەکـی کۆمەڵایەتـی و پیرۆزییـەک نەمـاوە بیرکردنـەوە بواردبێتـی و ناپیرۆزێکـی بـۆ نەدۆزیبێتـەوە، بۆیـە لەکوێـدا باسـی بیرکردنـەوە بکرێـت، دەبێـت لەوێـدا بـاس لـە نوێـکاری و دەسـتکاریکردنی بەهـاکان بکرێـت.

بیرکردنـەوە چالاکییەکـە لـە هیـچ چالاکییەکـی تـر ناچێـت، بـۆ نموونـە لـە نانخـواردن، لـە وەرزشـکردن، لـە ئیشـکردن، لـە خۆشەویسـتی ناچێـت. کەچـی هەمـوو چالاکییەکانـی تـر لەخـۆی دەگرێـت. لێرەوەیـە بیرکردنـەوە وەکـو کردەوەیەکـی پەتـی و ڕووت و ئەبسـتراکت ئەنجام نادرێـت، چونکـە ئـەو هەمـوو ڕەگەزەکانـی تـر لەناواخنیـدان. بیرکردنـەوە مەشقێکی فرەڕەگـەزە. بەدیوێکـدا ئـەوەی لەئارادایـە بـێ بەهـا دەکات و بەدیوێکـی تریشـدا بەهـای تـر دەبەخشـێت بـە واقیعەکـە.

کردەوەکـە ڕێـک ئەوەیـە کـە نیتچـە نـاوی لێنابـوو نرخاندنـەوەی نرخـەکان یاخـود هەڵسـەنگاندنەوەی بەهـاکان. هـەر بۆیـە نیتچـە پێیوابـوو بیرکردنـەوە دوو سـەرچاوەی هەیـە: شـێوە ژیانـی بـاڵا و بەنـرخ و شـێوەژیانی نـزم و بوودەڵـە. کاتێکیـش نیتچـە لەسـەردەمی خۆیـدا ئـەوەی دۆزییـەوە کـە فەرهەنگـی مەسـیحی مۆراڵـی کۆیلـە و چۆکدادەری بـۆ ژیـان هێنـا، ئیتـر ئـەم سیسـتەمەی سـەرلەنوێ نرخانـدەوە و بـە دروشـمی "ئاپاندنـی ژیـان" هەمـوو ئـەو سیسـتەمی بەهایانـەی لەناوبـرد و ڕێـی بـۆ هاتنـە کایـەی بەهایەکـی تـری شـێوە ئەریسـتۆکرات و تاکانـە کـردەوە. لێرەوەیـە ژیـان لای نیتچـە هاوتاوێکـە بـۆ بیرکردنـەوە، چونکـە هـەردوو ئـەم پرۆسێسـە بریتیـن لـە دەرەنجامـی پێکدادانـی فۆرمەکانـی (عەقـڵ/ هەسـت و جەبـر/ ئیـرادە).

بەهەمـان ڕیتـم فرۆیـد پێیوایـە "لیپیـدۆ" ئـەو ڕۆڵـەی هەیـە کـە نەسـت لەژێـرەوە بباتـەوە سـەر لوتکـەی هەرەمەکـە و ئـەوەی مـرۆڤ لـە خەونـی شـەوانەیدا بـە تاریکـی دەیبینـی، فرۆیـد کردییـە باسـی خەونـە ڕۆژانەییەکانمـان. لەکاتێکـدا لای مارکـس نەسـتی ئابـووری دەبێتـە مایـەی لەناوبردنـی چەوسـاندنەوەی ئابـووری و پرۆلیتاریـا وەکـو چینـی ژێـرەوە دەهێنێتـەوە لوتکەکـە و کۆمەڵـگای دیکتاتـۆری پرۆلیتـاری دروسـت دەبێـت. هەمـوو ئـەم بیرمەندانـە و هەندێکـی تریـش کـە لێـرەدا باسـمان نەکـردوون، تیۆرەکانیـان کارکردنـە بـۆ ڕەخنەگرتـن لـەو سیسـتەمە بـاوەی بەهـاکان و داهێنانـی سیسـتەمی تـری بەهـای نوێیـە. واتـە "ئابـووری" و "ژیـان" و "لیپیـدۆ" هەموویـان چییەتـی بیرکردنـەوە لـە بیچمـی جیـاوازدا نمایـش دەکـەن بۆمـان و نمایشـەکەش ئەوەمـان بـۆ دەگوازێتـەوە کـەوا، بیرکردنـەوە هەمیشـە ئەکتێکـی ناماتەریالییـە، تەنانـەت بـە بیرکردنـەوەی ماتەریالیزمانـەی مارکسیشـەوە. لەبەرئـەوەی مارکـس باسـی ئـەوە دەکات کـە چـۆن ڕیـال لەنـاو هۆشـیاریدا وەهمـی ئایدیۆلۆگـی دروسـت دەکات. هەمـان ئـەم میکانیزمـە لای نیتچـە و فرۆیـد ئیشـی پێکـراوە کاتێـک ئەوانیـش نادیـار و نەسـت دەهێننـە دەرەوە بۆمـان.

لـەم کۆبەندییـەدا ئێمـە هایدێگـەر و دێریـدا شـک دەبەیـن، کـە بەهەمـان ڕیتـم کاریـان بـۆ لەبەهاخسـتنی "دیـار و ئامـادە" کـردووە و "نادیـار و نائامـادە" یـان هێنایـەوە بیرمـان. لای هایدێگـەر بەڵگەنەویستەکە بریتـی نییـە لـەوەی ئێمـە "بوونمـان لەیـاد کـردووە" بەڵکـو بریتییـە لـە یادکردنـی "بوونـی لەیادکـراو". بۆیـە گرنگیـی بانگەکـەی هایدێگـەر لەوەدایـە گرفتەکـە لەنـاو ڕیالـدا نابینێتـەوە، بەڵکـو لەنـاو کات و شـوێنێکی تـردا، لەنـاو نائامـادە دا، لەنـاو "ئەویتـر" دا.

لێرەوەیـە وەک سـلۆتەردایک بـۆ هایدێگـەر دەڵێـت: ناوهێنانـی "نائامـادە و ئەویتـر" هەمیشـە وەک بانگێکـی میتافیزیکـی دەمێنێتـەوە لامـان. چونکـە کولتـووری ئامـادە بەربووەتـەوە نـاو لەبیرچوونـەوەوە، یـان دروسـتتر بڵێیـن، ئـەو لەبیـری چووەتـەوە کـە بـوون لەبیرچووەتـەوە. بۆیـە هایدێگـەر بانگمـان دەکات بـۆ بیرکردنـەوە لە "لەبیرچوونـی بـوون". ئـەم بانگهێشـتەی هایدێگـەر لای دێریـدا دەبێتـە "لێکهەڵوەشـاندنەوەی ئـەوەی هەڵچنـراوە و ئامادەیـە بـۆ هێنانەدەنگـی نائامـادە". سـلۆتەردایکیش پێیوایـە فیکـری خۆرئـاوا لەسـەردەمی گریکـەوە تیمۆسـی لەیادکـردووە و تەنیـا بـە ئیـرۆس دەژی. ئیـرۆس بووەتـە کولتـووری بـاڵا و زەقـی ژیانـی کۆنزومگـەری کۆمەڵگاکانـی شارسـتانێتی ئەورووپـی. ئیـرۆس وەک مەیلـی حەزکردنـی زۆرتـر بـۆ هەبوونـی شـتەکان و سـەرفکردنی زۆرتـر و بەکاربـردن و بەرخۆریکردنـی زۆرتـر وەکـو سـیماکانی پێشـکەوتن، کـە لەڕاسـتیدا لەسـەر تێچـووی شـکۆی مـرۆڤ و تیمۆسـەکەیەتی بۆیـە "پێشـکەوتن" هیـچ نییـە جگـە لـە "کەوتـن بـۆ پێشـەوە".

بەهەمـان تـەرزی بیرمەندەکانـی تـر، هایدێگـەر و دێریـدا و سلۆتەردایکیش، وا دەکـەن فەرهەنگـی ئامـادە، سیسـتەمی بەهـای بـاو لەبەهـای خـۆی بخـەن و بەهایەکـی تـری پرۆفانـە و جیـاواز دابهێنـن.

وەک تێبینـی دەکرێـت کـردەی بیرکردنـەوە لەنـاو ڕەوتـی مێژووییانـەی خۆیـدا درێـژەی هەبـووە و لـە وێسـتگەی جۆراوجـۆردا درێـژەی بـە کارەکانـی خـۆی داوە. لەهەمـوو ئـەو وێسـتگانەدا هەمـان ڕۆڵـی یـاری کـردووە: لەبەهاخسـتنی ئـەوەی دیـارە و بەهادارکردنـەوەی ئـەوەی نادیارخـراوە.

وەک سـلۆتەردایک دەڵێـت: هەمیشـە دیـار دەبێـت دەرک بـەو بەڵگەنەویسـتە بـکات کـە سـەرچاوەی ئـەو نادیـارە.

هەمـوو ئـەو بیرمەندانـە بەوپـەڕی وردەکاری و ئارامییـەوە کاریـان بـۆ ناسـاندنی ئـەو شـەڕە دێرینـە کـردووە کـە لەنێـوان کولتـوور و بووندا، لەنێـوان ژیانـی ڕۆژانـە و بووندا هەیـە. شـەڕی ئـەوەی بـوون بریتییـە لـە ئاشـکرایی و لـە ئامـادە و لـە تیمـۆس، لەکاتێکدا کارخانەکانـی کولتـوور بـەردەوام شـاردنەوە و پەنهانـی و ئیـرۆس بەرهـەم دەهێنـن.



## رووسلینی:
## سینەما زمان نییە، بەڵکو هونەری زمانە

و سـینەماتۆگرافیک رسـتەیەک لەنـاو کادرێـک کـە ڕەنگـە چـوار چرکـە بخایەنـێ، بـۆ بینـەر بـاس بـکات. هـەر بۆیـە دەتوانیـن بـە دیمەنێکـی سـینەما بڵێیـن رسـتە و بـە سکانسـێک بڵێیـن پەرەگرافێکـی ئاڵـۆز. بـۆ نموونـە: پیاوێـک لـە جادەیەکـەوە دەپەڕێتـەوە، لـە زمانـی قسـەکردن یان نووسـیندا ئەمـە لـەلای ئێمـە یـەک رسـتەیە، بـەڵام لـە سـینەمادا ئەمـە یـەک پلانـە بـە هەمـوو وردەکارییەکانیـەوە کـە تـۆ وەک بینـەر وەریدەگـری.

ئەگەرچـی لـە سـەردەمی سـینەمای (بێدەنـگ)دا زمانـی قسـەکردن نەبـوو، بـەڵام هەمـوو سـینەماکارەکانی دونیـا بڕوایـان وایـە زۆرتریـن قسـە کـە لـە فیلمێکـدا دەکـرا، ئـەو سـەردەمە بـوو، پڕ بـوو لـە دەنگـی مانیفێسـت و سـووکایەتی، جەنجاڵـی و دروسـتکردنی دوژمنـی وەهمـی و پێکەنیـن و دەیـان شـتی تـر، ئەگەرچـی پێکەنیـن بـە سـینەمای ئـەو سـەردەمە ئاسـانتر بـوو، چـوون لـە بەرانبەریدا رق و دوژمنایەتـی ئاسـانتر بـۆ بینـەری سـینەمایی دەگوازرایـەوە.

زمانـی قسـەکردن لـە سـینەمادا هەڵایەکـی زۆری نایـەوە، تەنانـەت دەرهێنـەرەکان بـۆ ئەوەی فیلمەکانیـان بێنـرخ نەبێـت، بـەردەوام باسـیان لـە سـامتبوونی فیلمەکانیـان دەکـرد و تەنانـەت بـۆ ئامادەبوونـی دەنگـی دەرگا و دەنگـی رێـگا ڕۆیشـتن و دەیـان جـۆر دەنگـی تـر، بـە ترسـەوە دەسـتیان بـۆ دەبـرد. لەگـەڵ پەیدابوونـی زمانـی قسـەکردن، سـینەما لـە شـانۆ زیاتـر نزیـک بـوو، هەتـا ئێسـتاش بەرۆکـی سـینەمای بەرنـەداوە.

زمانـی سـینەما یـان هەسـتکردن بـە زمانـی سـینەما کاتێـک دەگاتـە لوتکـە کـە بینـەر لەڕێـی مۆنتـاژی سـینەماییەوە چەنـد وێنەیـەک لـە دوای یـەک دەبینـێ و ئـەم وێنانـە رسـتەیەک لـە مێشـکیدا دروسـت دەکات، وەک چـۆن ژان مێتـری لـە کتێبـی جوانیناسـی و دەروونناسـیدا دەڵێـت: بـەو شـێوە نییـە مـادام سـینەما زمانـە، چیـرۆک بـە باشـی دەگێڕێتـەوە، بەڵکـو بـە پێچەوانەیـە، مـادام چیـرۆک بـە باشـی دەگێڕێتـەوە بـووە بـە زمـان.

دەینووسـێت و هەمـوو جارێـک لەسـەر هەمـان ڕەشـنووس دەسـکاریی دەقەکـەی دەکات تـا دەگاتـە دوا دارشـتن و دەرفەتـی ئەوەشـی هەیـە بەئاسـانی هـەر کاتێـک بیەوێـت وشـە و ڕسـتە و لاپـەڕەی لـێ زیـاد و کـەم بـکات. ئەگەرچـی هێشـتاش نووسـەرانێک هـەن بە دەست دەنووسن و پییانوایە ئـەو چێژی نووسـینەی لـە قەڵـەم و کاغـەزدا هەیـە، لـە کیبـۆرد و کۆمپیوتـەردا نییـە، بـەڵام دیسـان ئەگـەر واش بێـت، ئەمـە بـۆ دەسـتنووسـی یەکـەم ڕاسـتە و کـە دواتـر تایـپ کـرا و گواسـترایەوە نـاو کۆمپیوتـەر، لـەوێ توانـای گـۆڕیـن و کـەم و زیادکردنـی دەقەکـە زۆر ئاسـانە.

هەڵبـەت هـەر بـە کاریگەریـی سـەردەمی ئێسـتا، تەکنۆلۆژیـا و ئامـراز و ئامێرەکانـی چوونەتـە نـاو دەقـە ئەدەبییەکانیـش، بـۆ نموونـە شـیعری فەیسـبووکی و چیرۆکـی کـورت بـۆ گونجـان لەگـەڵ گرتـە ڤیدیۆییـەکان دەنووسـرێن. هەروەهـا لـەڕووی بابەتـی نووسینیشـەوە، زۆرن ئـەو شـیعر و چیـرۆک و ڕۆمانانـەی باسـی بابەتەکانـی پەیوەسـت بـە ئینتەرنێـت و کۆمپیوتـەر و ڕۆبـۆت و ئامێـرە تەکنەلۆژیاکانـی دیکـە دەکـەن.

بـە هـەر جۆرێـک بێـت، ئـەدەب و تەکنۆلۆژیـا لـە قۆناغێکـدان، ناتوانـن خۆیـان لـە یەکتـر گێـل بکـەن، ئـەدەب بـێ تەکنۆلۆژیـا ڕۆڵێکـی کاریگـەری وەکـو جارانـی نابـێ و تەکنۆلۆژیـاش بەبـێ ئـەدەب کەموکـووڕی و کەلێنـی دەبێـت. هـەر ئـەم ناچاربوونەشـە کـە بەهـۆی پێکگەیشـتنی ئـەم دوو بـوارە، ئـەو جۆرانـە لـە ئـەدەب پەیـدا بـوون کـە بـە (ئەدەبـی ژمارەیـی، ئەدەبـی ئەلیکترۆنـی، ئەدەبـی دیجیتاڵـی و...هتـد) نـاو دەبرێـن و زۆر جـار دەتوانـن لـە دووریـی قەڵـەم و کاغـەز و مەرەکەبیـش پەیامـە ئەدەبییەکـە بگەیەنـن.

**سەرچاوەکان:**

**- متى ننتج ابداعا رقميا؟ سعيد يقطين، موقع القدس العربي.**
**الأدب الرقمي بعيدا عن استعراض العضلات- د. عادل خميس الزهراني، موقع: فرقد.**
**هوية جديدة للأدب... بفعل التكنولوجيا- اعداد: حسام معروف، موقع: فسحة.**
**الأدب في مهب التكنولوجيا: بداية التكوين- جنى الدهيبي، موقع: ضفة ثالثة.**

# چەمکی خوێنەر لای سوکرات



**حەمە مەنتک**



هـەر ئاراسـتە و فیکرێکـی نـوێ کـە دێتـە پێشـەوە، لەسـەر بنەمـای ڕەخنەکردنـی ئاراسـتەی پێـش خـۆی دەبێـت. لـە یۆنانـی کۆنـدا هەمـان مێتـۆد هەبـووە. هـەر ئاراسـتە و فیکرەیەکـی نـوێ کـە هاتـووە، لەسـەر بنەمـای ئەوانـەی پێشـتر دامـەزراوە. بـۆ نموونـە کاتێـک سـوکرات دێـت، بیرکردنەوەکانـی لـە ئەنجامـی ڕەخنەکردنـی سۆفیستاییەکانەوە دادەڕێژێت. ئەفلاتوونیـش وەکـو قوتابییەکـی سـوکرات ڕەخنـەی مامۆسـتاکەی دەکات، ئەریسـتۆش وەکـو قوتابییـەک ڕەخنـەی بۆچوونـی ئەفلاتوونـی مامۆسـتای دەکات.

سـوکرات ڕەخنـە لـە بنەماکانـی فیکـری سۆفیسـتاییەکان دەگرێـت، چونکـە بـڕوای وابـوو بیرکردنـەوەی ئـەوان لەسـەر بنەمـای هەڵخەڵەتاندن دامـەزراوە و خزمـەت بـەو حەقیقەتـە نـاکات کـە دەیـەوێ خـۆی جێگیـر بـکات، چونکـە حەقیقـەت شـتێکی بێنـاوەڕۆک و بـۆش نییـە. سۆفیسـتاییەکان لـە نووسـنەکانیاندا فێڵیـان لـە خەڵـک دەکـرد، ئـەوان لـە بـارەی شـتگەلێکەوە دەیاننووسـی کـە خۆیـان وەهـا نەدەژیـان. واتـە قسـە و کرداریـان یـەک نەبـوو. سـوکرات دێـت ڕێیـەک بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی فەلسـەفەی سۆفیسـتاییەکان دەبینێتـەوە، ئەویـش لەپێنـاو چەسـپاندنی حەقیقـەت لـە مێشـکی خوێنـەر و گوێگرانـدا، نـاو لـەم ڕێیـە دەنێـت لەدایکبـوون، ((چونکـە بـڕوای وایـە دەروون نەمامگـەی حەقیقەتەکانـە، وەک چـۆن منداڵدانـی ژن نەمامگـەی منداڵەکەیەتـی، ئیشـی فەیلەسـووف دەرهێنانـی ئـەو حەقیقەتانەیـە لـە دەروون.)) [دریـدا: 1998: 64] ئـەم ڕێیـەی سـوکرات کـە بـە لەدایکبـوون ناسـرا، بـە دوو قۆناغـدا دەڕوات. ئەوانیـش: خواوەندەکانتـان و لەدایکبوونـەوەن. لـە قۆناغـی یەکەمـدا، کـە قۆناغـی بەرهەمهێنانـی نەزانییـە (جەهالـەت) و دیـاردەی کەوتنـە ژێـر کاریگـەری قسـەبێژان بـاوە، سـوکرات دێـت پرسـیار و گومـان لـە کـن ئەوانـە دروسـت دەکات کـە بـە دوای زانسـتەوەن. قسـەی قسـەبێژان (قسـە هەڵەکانیـان) بـە قسـەی چـاک و ڕاسـت دەگۆڕێـت، بـەڵام ئـەوان ناتوانـن ئـەوە پەسـەند بکـەن و وەرگـرن، بۆیـەش بـەردەوام هەڵگـری نەزانیـن. ئـەم ڕێیـەی سـوکرات هەوڵێکـە بـۆ پاککردنـەوەی عەقڵـی خوێنـەرەکان لـە بیرکردنـەوەی ساختەی سۆفیسـتاییەکان و پەسـەندکردنی حەقیقەتـی جێگیـر.

((ئـەو مێتـۆدەی سـوکرات لـە وتـار و باسـەکانی بەکاریهێنـاوە بریتییـە لـە پرسـیاری پەیاپـەی و لەسـەریەک بـە دەربڕینێکـی پەلاماردەرانـە، یـان ڕووبەڕووبوونـەوەی نەرێنـی کـە بـە دیالکتیـک نـاوزەد کـرا و بـە پێشـەنگی لۆژیـک دەژمێردرێـت. سـوکرات بـە بەکارهێنانـی ئـەم مێتـۆدە، دەیویسـت لـە ڕەوتـی مشـومڕ و گفتوگـۆدا تێڕوانینـە بـێ بنەماکانـی لایەنـی بەرانبـەر ئاشـکرا بـکات.)) [سـتاتێرن: 2009: 8] ئـەم قۆناغـە، واتـە پرسـیار و گومـان دروسـتکردن لـە دڵـی خوێنەرانـدا بەرانبـەر قسـەی سۆفیسـتاییەکان، زەمینەسـازییە بـۆ قۆناغـی دووەم کـە قۆناغـی لەدایکبوونەوەیـە. لـەم قۆناغـەدا خوێنـەر پرسـیار و نارەزایـی بەرانبـەر ئـەوان دەردەبڕێـت، بـەڵام بـە شـێوەیەکی لۆژیکیانـە بـۆ گەیشـتن بـە حەقیقـەت و خۆناسـین. واتـە لـەو ڕێیـەوە خۆیـان دەناسـن و تێدەگـەن ئـەوان تووشـی نەزانـی بوونـە. بۆیەیـش لەوێـوە دەگـەن بـەو بۆچوونـەی ئـەوان خۆیـان کەشـف کـردووە، واتـە پاتـە لـە دایـک دەبنـەوە.

ئـەم مێتـۆدەی سـوکرات کۆمەکـی خوێنـەر دەکات کـە عەقـڵ و بیرکردنـەوەی بـە شـێوەیەکی دروسـت بـۆ گەیشـتن بـە حەقیقەتـی جێگیـر بەکاربهێنێـت. هـاوکات کۆمەکـی خوێنـەر دەکات لـەوەی هەڵـە و بیرکردنەوەکانیـان چـاک بکەنـەوە. ئـەو هێزەیـش دەداتـە خوێنـەر کـە هێـزی خۆدۆزینـەوە و خۆکەشـفکردنی هەبێـت و ئـەو حەقیقەتـە بناسـێت.

بۆیـەش بـەردەوام سـوکرات ئـەم ڕێیانـەی بـۆ گەنجـەکان ڕوون دەکـردەوە، بـە شـێوەیەکی کردارەکـی دیالۆگـی لەگـەڵ دەکـردن بەبـێ ئـەوەی پارەیـان لـێ وەرگرێـت، پێچەوانـەی سۆفیسـتاییەکان کـە پارەیـان وەردەگـرت لـەو کەسـانەی قسـەیان بـۆ دەکـردن. ئـەو بـە پێچەوانـەوە پارەیشـی بـە خەڵـک دەدا بـۆ ئـەوەی بـۆ نـاو دیالۆگەکانـی خـۆی ڕایانکێشـێت. ئـەو گەنجەکانـی لـە ڕووی فیکـری و ئـاکاری و باوەڕییـەوە ئاراسـتە دەکـرد. خەڵکیـش گوێیـان دەگـرت و دیالۆگیـان لەگـەڵ دەکـرد، هەوڵیـان دەدا لـە فەلسـەفەی خاکیبوونـی تێبگـەن. ئەمەیـش پێچەوانـەی فەیلەسـووفانی سـەردەمی خـۆی بـوو، چونکـە شـوێنێکی تایبەتـی بـۆ وانەگوتنـەوە نەبـوو، بەڵکـو لەنـاو بـازاڕ و شـوێنە گشـتییەکان وانەکانـی دەگوتـەوە. ئـەم مێتـۆدەی ئـەو وایکـرد دەسـەڵات چەندیـن تۆمەتـی بخاتـە پـاڵ. بۆیـەش ((سـوکرات بـە تۆمەتـی کوفـر و تێکدانـی مێشـکی لاوان دەسـتگیر کـرا، کەسـی سـەرەکی پشـت ئـەم تۆمەتبارکردنانـە دیموکراتـی بەناوبانـگ (ئانتیۆگـس) بـوو کـە دوژمنایەتییەکـی لەمێژینـە و درێـژی لەگـەڵ سـوکرات هەبـوو.)) [سـتاتێرن: 2009: 21] تۆمەتـەکان خـۆی لـە خراپکردنـی ڕەوشـتی لاوەکان، دەرچـوون لـە ئاییـن و بڵاوکردنـەوەی ڕەشـبینی بەرانبـەر سیاسـەتی دەسـەڵاتداران دەبینییـەوە. بـە هـۆی ئـەم تۆمەتانـەوە بـەرەو دادگـە ڕاپێچیـان کـرد. شـێوازی سـوکرات لـە دادگەیـش هەمـان ئـەو شـێوازە بـوو کـە فەلسـەفەکەی لەڕێیـەوە دەگوتـەوە، ئەویـش دایەلۆگکـردن بـوو. بـەڵام دادگـە گاڵتەیـان پێدەکـرد و بڕیـاری کوشـتنیان بـۆ دەرکـرد.

**سەرچاوەکان:**

**1. ستاتێرن (پۆل): 2009: ئاشنابوون بە سوکرات، وەرگێڕانی: ڕێباز مستەفا، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە 18-17.**
**2. دریدا (جاک): 1998: صیدلیە افلاطون، ترجمە: کاظم جهاد، دار الجنوب للنشر، تونس.**

# غەسان حەمدان:

# وەرگێڕانی رۆمانێکی شێرزاد حەسەنم تەواو کردووە




مالْپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بابەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، بەردەوام بە دوای رێگەی نوێ و پرسیاری نوێشەوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویسترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم روئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش لێرەدا، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی رووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە بیستوچوارەمین گفتوگۆماندا، غەسان حەمدان، نووسەر و شاعیر و وەرگێڕی عێراقی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

غەسان حەمدان، شاعیرێکی ناسراوی عێراقییە. ساڵی 1973 لە بەغدا لە دایک بووە. ئەو هاوکات نووسەر، وەرگێڕ، توێژەری مێژووە و چەندین کتێبی لەو بوارانەدا هەیە. ئەوەی لە شیعرەکانیدا دەیبینین: ڕۆژهەڵاتیبوون، ئەڤین، جەنگ و وێرانییە. هەندێکجار عاشقێکە و لە عەشقەکەی بەدەر، شتێکی دیکە نابینێت، هەندێکجاریش لەناو سەنگەرەکانەوە سەر دەردەهێنێت، کە لە شاعیرێکی عێراقی- بەو مێژووەی هەیەتی- چاوەڕوانکراوە. لە دەفتەرە شیعرەکانی، دەتوانین ئاماژە بۆ (یادداشتەکانی شازادەیەکی خانەنشین) و (رۆژی دەیەمی خوڵقان) و (تا ئاسمان شینە) بکەین. حەمدان هەروەها وەرگێڕی شیعرەکانی سوهراب، شاملوو، فرووغ و عەباس کیارۆستەمییە بۆ عەرەبی، ئەو هەروەتر کتێبەکانی جەلال ئال ئەحمەد، بوزورگ عەلەوی، سادق هیدایەت، ڕەزا قاسمی، ئاسف سوڵتانزادە، قاسم کەشکۆڵی و محەممەد قاسمزادەی کردووە بە عەرەبی. هاوکات وەرگێڕی شیعرەکانی محەممەد ماغووتە لە عەرەبییەوە بۆ فارسی و بەم دواییەش رۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"ی بەختیار عەلی بۆ عەرەبی وەرگێڕا.

ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتووری رووداو

**رووداو: لەم کاتەدا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**غەسان حەمدان:** ئێستا دوو کتێبم بەدەستەوەن نەک دانەیەک، ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانی ئەفسانە ئێرانییەکانم، لەبەر ئەوە کەوتوومەتە خوێندنەوەی شانامە یان کتێبی پاشاکانی فیردەوسی. ئەم کتێبە زۆر گرنگە، چونکە فیردەوسی پتر لە سی ساڵ سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەفسانەکانی بووە. دەشێت بگوترێ بە جۆرێک لە مێژووی نافەرمی هەژمار دەکرێت کە لە پێش مێژووی زانستی زانراوەوە بووە و چیرۆکەکانی زوحاکی ستەمکار و شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر و ڕۆستەمی پاڵەوان و سەرکێشییەکانی و کوشتنی سوهرابی کوڕی و چیرۆکی سیاوەش و تاقیکردنەوەی ئاگر و کوشتنی تا کەوتنی وڵاتی فارسەکان بە دەستی مسوڵمانەکان لەخۆدەگرێت. من کتێبەکە وەک خەڵاتی دەرچوونم لە قۆناغی ئامادەیی دەستمکەوتووە، ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەوەدا تێپەڕیوە، بەڵام دووبارە دەیخوێنمەوە لەبەر کاری وەرگێڕانەکەی.

کتێبی دووەمیش بریتییە لە مێژووی گومانی جینێفەر مایکڵ هیکت کە بەڕاستی کتێبێکی چێژبەخشە و بە دەوری مەسەلە ئاڵۆزەکانی وەک ئیمان و یەقین و نکۆڵیکردندا خول دەخوات لە سەردەمە کۆنەکانەوە تا سەردەمی نوێ و گومانکارانی ژیارە گریکی و ڕۆمانی و چینییەکان **لەخۆ دەگرێت.**

**رووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**غەسان حەمدان**: باوەڕم بە توانای یەک کتێب نییە بۆ گۆڕینی ژیانم، بەڵکوو کتێبگەلێکی زۆر هەن کە ڕۆڵیان هەبووە لە ڕۆشنکردنەوەی ڕوانینم سەبارەت بە لایەنی ژیاری و فکری و فەلسەفی و دەکرێت پرۆسەی بەردەوامیی خوێندنەوە ئەو کتێبە بێت کە کاریگەریی بۆ سەر گۆڕینی ژیانم هەبێت.

**رووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**

**غەسان حەمدان:** کتێبی (الاغانی) ئەبو فەرەجی ئەسفەهانی لەو کتێبە ئینسایکلۆپیدیاییانەیە کە بە ئاواتەوە بووم خاوەنی بوومایە.

**رووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**غەسان حەمدان:** پرسیارێکی قورسە، بەڵام شیعری مەولانا جەلالەدین شوێنەواری دیاری هەبووە لەسەر نووسینەکانم و زمانی وەرگێڕانم، بە بێگەردیی وشەکانی و ناسکیی داڕشتن و شیرینیی وشەکانی. لەو باوەڕەدا نیم کاریگەرییەکە یەکسەر بووبێت، بەڵام خوێندنەوەی زۆرم بۆی و گەڕانەوەی ماوە بە ماوەم بۆ شیعری ئەو، هێشتا هەر بەردەوامیی هەیە. هەست بە کاریگەرییەکەی دەکەم لەسەر زمان و نووسینەکانم.

**رووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**غەسان حەمدان:** هیچ کێبێکم لەیاد نییە منی گریاندبێ، بەڵام زۆر هاوسۆز بووم لەگەڵ هەردوو کارەکتەرەکەی ڤارتەری گۆتە و ژانڤاڵژانی هۆگۆ.

**رووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**

**غەسان حەمدان:** لەو باوەڕەدام وەرگێڕانەکانم دەکەمە دیاری بۆ سادق هیدایەت.

***

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئاییندەی فەڕەنسا فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردبوو وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر)، ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چوارده ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**رووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**غەسان حەمدان:** ئەوەی کە خەڵکی لە خراپەی خۆت دووربخەیتەوە و بە گوێرەی توانا چاکەی خۆتیان پێ ببەخشیت.

**رووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**غەسان حەمدان:** راستگۆیی، وەفای پەیمان و بەخشندەیی.

**رووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**غەسان حەمدان:** پرسیارێکی بۆمبڕێژکراوە، بەڵام ئەو ژنەم خۆشدەوێت کە لێم تێدەگات.

**رووداو: بە نرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**غەسان حەمدان:** هەمان سیفەتە جوانەکانی پیاوان لە راستگۆیی و وەفاداریی بەڵێن و سەخاوەتمەندی.

**رووداو: حەزت لە چییە؟**

**غەسان حەمدان:** لە بەرهەمی خۆم دوانەکەوم و شایستەی نرخاندن بێت و بە هەموو ڕێز و نرخاندنێکەوە ئاماژەی بۆ بکرێت.

**رووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**غەسان حەمدان:** ئایدیاڵبوون چەمکێکی هولامییە، باوەڕم پێی نییە و گەیشتن پێی سەختە.

**رووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**غەسان حەمدان:** ئەوەیە لە وڵاتێکدا بژیت لە خۆت و کەسوکارت ئەمین نەبیت.

**رووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**

**غەسان حەمدان:** سویسرا ئەو وڵاتەیە لە منداڵیمەوە خۆشمویستووە، دیمەنە سەوزە سەرنجڕاکێشەکانی خستوومیانەتە ژێر ئەفسوونی خۆیانەوە، هەروەها ئەوەی کە لە کوختێکی تەختەی ناوجەرگەی کێڵگەیەکی سەوزدا گۆشەگیر بم و ئەو ژیانەی ماومە دوور لە ژاوەژاوی مرۆڤایەتی ببەمە سەر.

**رووداو: رەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**غەسان حەمدان:** ڕەنگی دڵخوازم شینە، حەزیشم لە گوڵی ئۆرکیدە، لە گەشتەکانمدا بۆ خۆرهەڵاتی دوور ئۆرکیدی سپی بکڕم و پێش گەڕانەوەم بۆ وڵات ناچار بە کردنەدیاریی گوڵەکان بم لەبەر ئەوەی بەرگەی کەشوهەوای وشک ناگرن.

**رووداو: کتێبی دڵخوازت کامەیە؟**

**غەسان حەمدان:** پاوڵای ئیزابێل ئەلێندیی ڕۆماننووسی چیلی، کتێبەکە ئۆتۆبیۆگرافیایە، بەڵام بە چنینێکی جوان نووسراوە.

**رووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**غەسان حەمدان:** ناکرێت شاعیرە باشەکان لە یەک کەسدا کورت بکرێنەوە، چونکە هەریەکەیان خاوەن ستایلی تایبەتی خۆیانن، لەگەڵ ئەوەشدا حەزم لە فروغی فروخزاد و سوهراب سپهری و شێرکۆ بێکەسی مەزنیش هەروەها. لە شاعیرانی عەرەبیش ئەمەل دەنقل.

**رووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**غەسان حەمدان:** لە بەرامبەر ژان ڤالژاندا هەستم بە سۆز کردووە و ناکاتاشم لە (کافکا لە کەنار دەریادا) خۆشویستووە.

**رووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**غەسان حەمدان:** هیچ ژنە پاڵەوانێکی ئەدەبیات تا ئێستا بوونی نییە.

**رووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**غەسان حەمدان:** حەزم لە گوێگرتن لە میوزیکی کلاسیکییە، بە تایبەتیش شۆپان و باخ و مایۆکۆڤسکی.

**رووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**غەسان حەمدان:** سلڤادۆر دالی و ئیدوارد مۆنە و دلاکروا.

**رووداو: زیاد لەهەر شتێک رقت لە چییە؟**

**غەسان حەمدان:** رقم لە جەنگ و ستەمکاریی سیاسییە.

**رووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**غەسان حەمدان:** حەزم دەکرد بمتوانیایە بگەڕێم و دەوڵەتی نوێ ببینم.

**رووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**غەسان حەمدان:** ئەو مەرگەی مرۆڤ نەمر دەکات. هیچ جۆرە مەرگێکی باش نییە لە لام، بەڵام ڕقم لە مردنە بە خنکان یان سووتان.

رووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟

غەسان حەمدان: رێککەوتن لەگەڵ خود و هەوڵدانی مانەوە لە دۆخێکی هاوسەنگی لە نێوان یین و یانگدا.

**رووداو: دروشمی تۆ چییە؟**

**غەسان حەمدان:** ئەمڕۆ کار دەکەم و سبەینێش کار دەکەم و دواتر پشوو دەدەم.

**رووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**غەسان حەمدان:** ئەمانە بابەتگەلێکن بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەبارەوە نادرێت، بەڵام هەوڵ دەدەم بە گوێرەی توانا لە هەڵەکانم دووربکەومەوە، بە دڵنیاییشەوە نووسین هەڵدەبژێرم، لەوانەشە ڕۆمانی نوێ بنووسم جیاواز لەوانەی نووسیومن یان لەوانەی لەناو پڕۆژەکانمدان.

**رووداو: وەک دیارە رۆمانێکی بەختیار عەلیت کردووە بە عەرەبی، ئایا بە نیازیت ڕۆمانی تری ئەو نووسەرە بکەیت بە عەرەبی؟**

**غەسان حەمدان:** نەک تەنیا بەختیار عەلی، بەڵکوو ڕۆماننووسی دیکە هەن کار لەسەر وەرگێڕانی کارەکانیان دەکەم، بەم دواییەش لە وەرگێڕانی شاکارەکەی شێرزاد حەسەن بوومەوە "حەسار و سەگەکانی باوکم". پڕۆژەی وەرگێڕانی یەکێک لە کارەکانی هیوا قادریشم هەیە، سەبارەت بە بەختیار من بیر لە دوو ڕۆمانی دەکەمە؛ ئەوانیش: شاری مۆسیقارە سپییەکان و دەریاس و لاشەکان.

> حەزم لەو جۆرە مردنەیە کە نەمرت دەکات

> بیر لە وەرگێڕانی دوو رۆمانی دیکەی بەختیار عەلی دەکەمەوە

> مەولانا شوێنەواری دیاری هەبووە لەسەر نووسینم و زمانی وەرگێڕانم